

## کۆمپیوتەری لولەکی دیزانێکی سەرنج راکێش

کۆمپانیـای asus بەم دواییانە سیسـتەمێکی نوێـی کۆمپیوتـەری دیسـکتۆپی بەرهەم هێناوە کـە زۆر جیـاوازە لـە سیسـتەمەکانی دیکە هەم لـە بـواری دیزاینەوە و هەم لە بواری توانایەوە.. کۆمپیوتـەری جۆری ProArt PA90 شـێوەیەکی لوولەکـی هەیـە و لـە زنجیـرە کۆمپیوتەرەکانـی ROGیـە، نـەوەی نۆیەمـی ئەنتەلـی لەسـەرە، کۆمپیوتەرەکـە توانایەکـەی بـەرزە بـۆ کاری گرافیکی قورس سوودی لێوەردەگیردرێت.

شـوێنی دانانـی چوار سـلایتی SO-DIMM هەیـە و رامەکـەی ٦٤ گیگابایتـە. لەگـەڵ ئەوەشدا شوێنی دوو سلایتی M.2 و سلایدێکی درایڤـی هاردی جۆری ٢,٥ ئینجی بە خێرایی ٦ گیگابایت هەیە. سیسـتەمی فێنك کەرەوەی لە جۆری ئاوەکییە و هەربۆیە دەنگێکی کەمی هەیە.



## کۆمپیوتەری سەرمێز

کۆمپیوتـەری سـەرمێز و کۆمپیوتـەری لاپتـۆپ جیاوازییەکـی گەورەیـان لـە دابینکردنـی وزەدایـە، کۆمپیوتەرەکانی سەرمێز لە ڕێگای کێبڵەوە و لە کارەبا وزە وەردەگـرن، بـەڵام کۆمپیوتـەری لاپتـۆپ ئەگـەر کارەبـاش نەبێت لە ڕێگای باترییەوە دەتوانن وزە دابین بکەن، کۆمپانیای ئاسـۆس لـەم ماوەیەدا کۆمپیوتەری جـۆری Asus Zen Aio 27 بەرهـەم هێنـاوە کە شـەحن وەردەگرێ و بۆ وەرگرتنی شەحنیش پێویستی بە کێبڵ نییە و سیستەمی وەرگرتنی شەحنی وایەرلەیسە.

خاڵێکی جێگای سـەرنجیش ئەوەیـە کە سیسـتەمە

## تەلەڤزیۆنی گەڕۆک و

ئـەو ئامێـرە ئایا ڕۆبۆتـە یان ئامێرێـك کە ئەرکی چەندیـن ئامێر ئەنجـام دەدات؟ Keecker SAS ناوی ئـەو ئامێرەیـە، بـە دەنگـی بەکارهێنەرەکانـی وەڵام دەداتـەوە، ئەرك و فەرمانـەکان جێبەجێ دەکات، ژوور بـۆ ژوور بـەدوات دا دێـت، تەلەڤزیۆنێکـی گەڕۆکـە و بەهـۆی داتاشـۆیەکەوە دەتوانێـت لـە هـەر شـوێنێك لەماڵـەوە لـە ژووری نانخـواردن یـان نووسـتن، فیلمە دڵخوازەکانـت بـۆ لێبـدا، دەتوانێـت لـە ئینتەرنێتـدا چ گۆرانی و مۆسـیقایەك مەبەسـتە بـۆت بڵاوبکاتەوە، لـە تیڤـی و مۆبایـل پەیوەنـد دەدرێـت، وەڵامـی پەیوەندییـەکان دەداتـەوە. Keecker SAS هـەر بەوەندە ڕاناوەسـتێ بگـرە چیرۆك بـۆ منـداڵان دەخوێنێتەوە و پرسـیاریان لێـدەکا و شـتی نوێیان فێـردەکا. ئەگەر لە ماڵـەوەش نەبی ئەوە خەمی ماڵەوەت نەبێ ئاگاداری ماڵەوەیە و پاسەوانێکی باشە، ئەوەی ڕوودا لە ماڵەوە تۆماری دەکا و دەکرێت لە ڕێگای دوورەوە کۆنترۆڵی

# هاردیسکی ١٥ ترابایتی تایبەت بە کۆمپیوتەری دیسکتۆپ

کۆمپانیای ڤێسرن دیجیتال کە هەموو ئەرکەکانی لە بەرهەمهێنانی هارددیسکدا چڕکردۆتەوە، هەوڵدەدات گۆڕانکاری جیدی لە زیادکردنی قەوارەی داکردنی داتاکان لە هارددیسکتدا پێکبێنێ، ئەگەر تەنیا ٥ ساڵ لەمەوبەر باس لە هاردی دوو ترابایتی بۆ کۆمپیوتەری سەرمێزکرابا، وەك هەواڵێکی گرنگ باسی لێوەدەکرا. بەڵام دوو ساڵ دەبێت کۆمپانیای ڤێسترن دیجیتال هەوڵدەدان پێوانەیەکی نوێ لە قەوارەی هەڵگرتنی داتاکان لە کۆمپیوتەری سەرمێزدا بشکێنێ و بیگەیەنێتە ١٥ ترابایت.

هاردی ١٥ ترابایتی سەردەمی خۆی تەنیا هی کۆمپیوتەرە زەبەلاحەکان بوو، ئەوانەی بۆ سێرڤێر هەڵگرتنی داتامەزنەکان سوودیان لێوەردەگیردرێت.




هارددیسکی جۆری Ultrastar DC HC620 بەمەبەستی خزمەتگوزارییەکانی کلۆد، هەڵگرتنی داتای زۆر مەزن وەك ئەرشیفی ئیدارە و نووسینگەیەك و هەڵگرتنی فیلم و وێنە بە کوالیتی مەزن سوودی لێدەبیندرێت. بۆ بەرهەمهێنانی ئەم هاردیسکە سوود لە سیستەمێك وەرگیراوە کە گازی هیلۆم دەخرێتە ناو هاردیسکەکە تا زیان بە پارچەکانی هارددیسکەکە نەکەوێت. بەرپرسی کۆمپانیای ناوبراو دەڵێت ڕەنگە هەتا ٥ ساڵی دیکە ڕێژەی گشت داتاکان لە جیهاندا بگاتە سنووری سەد زیتابایت (Zettabyte) بۆیە لە داهاتوودا هاردیسکەکان بۆ تاکەکەسیش دەبێت قەوارەیان زۆر بێت.



## ز و شەحنی وایەرلەیس

وایەرلەیسەکە شاردراوەتەوە و نادیارە و کەوتۆتە ژێر دیسکتۆپەکە، بۆ ئەو بەکارهێنەرانەی کە حەز لە کێبڵ و قەرەباڵغی ناکەن کۆمپیوتەرەکە گونجاوە.

تایبەتمەندی کۆمپیوتەرەکە ئەوەیە کە شاشەکەی ٢٧ ئینجە، بە کوالیتی K4 و یەکەی لێکدانەوەی لە جۆری نەوەی هەشتەمی ئەنتەلە، رامەکەی ١٦ گیگابایتە و هارددیسکەکەی ٢ ترابایتە و کارتی شاشەی لە جۆری GTX1050یە، سیستەمی دەنگی ئەلیکسای هەیە واتە فەرمانەکان بە دەنگ جێبەجێ دەکات و کامێرایەکی جۆری IRای لەسەرە.

## کامێرای چاودێری

بکەی و بینێری بۆ ژوورەکان بزان لە هەر ژوورەی چ باسە. کاتی هاتنەوەی منداڵەکان لە قوتابخانە ئاگادارت دەکاتەوە و ئەگەر درەنگیش گەڕانەوە هەر ئاگادارت دەکاتەوە. هەر ئەوەندە بڵێین ئەو ئامێرەت هەبێ بەسە بۆ ماڵەوە..






# لاپتۆپێک ٢٢ کاتژمێر باتری دانابەزێت

جیاوازییەکی بەرچاو لە نێوان کۆمپیوتەری دیسکتۆپ و لاپتۆپ لە جۆری وزەدایە، خاڵی بەهێزی کۆمپیوتەری لاپتۆپ باترییەکەیەتی کە دوای کوژانەوەی کارەباش دەکرێت کاری پێبکرێت، هەتا ئێستا توانای راگرتنی باتری لاپتۆپ لە بەرزترین ئاستدا دە هەتا دوازدە کاتژمێر بووە.. بەڵام لاپتۆپی جۆری Spectre X36۰ گۆڕانکارییەکی جیدی لە باترییەکەیدا هاتۆتە گۆڕێ و بە جۆرێك کە هەتا ٢٢ کاتژمێر شەحنی دانابەزێت..

بەرهەمهێنانی باترییەکی وا بۆ لاپتۆپ دەبێتە سەرەتای گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە باتری لاپتۆپەکان، بەو هۆیەوە گرفتێکی سەرەکی بۆ لاپتۆپ لەکۆڵ دەبێتەوە و بەکارهێنەر بە ئاسوودەیی دەتوانێ ئەرکەکانی ئەنجام بدات.

لاپتۆپەکە دوو جۆری ١٣ و ١٥ ئینجی هەیە و بە ڕوونی full HD یا K4 نیشان دەدا، یەکەی لێکدانەوە واتە پرۆسیسەرەکەی لە نەوەی هەشتەمی ئەنتەلە. رامی لاپتۆپەکە ١٦ گیگابایتە و هاردەکەی ٥١٢ گیگابایتە. وێبکەمێکی تایبەتی لەگەڵدایە بۆ ئەوەی کە تووشی داوی هاککەرەکان نەبی دەکرێت لەو کاتانەی کە پێویست ناکات دابخرێ.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت بۆچی لە کۆمپیوتەردا درایڤی A و B نییە هەر ڕاست لە درایڤی C دەستی پێکردووە؟ کە ئەویش ناکرێت ناوەکەی بگۆڕی؟


خوێنەری بەڕێز ئەو کۆمپیوتەر لەبەردەستتدایە لە سەرەتادای بەرهەمهێنانیدا وا نەبوو، ڕەنگە ئەگەر بڵێم کۆمپیوتەرێك بە قەد ژوورێك بوو بڕوا نەکەی! لە کۆمپیوتەرە سەرەتاییەکاندا هاردديسك نەبوو، تەنیا فلۆپی دیسك هەبوو، واتە زانیارییەکان هەر لەسەر ئەو فلۆپیانە خەزن دەکران ئەوانیش دوو فلۆپی بوون یەك A و ئەوی تر B دواتر کە هاردێکی بچووك بۆ کۆمپیوتەر دروستکرا ناویان لێنا C. دوای ساڵیانێك فلۆپی نەما بەڵام هارد کە سیستەمی ویندۆزی کۆمپیوتەر بەناوی C هەرماوە.. بەرهەمهێنەرانی کۆمپیوتەریش بۆیان گرنگ نەبوو، جارێکی دیکە ناوی C بگۆڕنەوە بە A بۆیە درایڤی A و B لە کۆمپیوتەردا نابینی..

# مامۆستا و قوتابی ڕۆبۆت



ژیان دەگاتە چ قۆناغێك؟ ئایا ڕۆبۆت شوێنی مرۆڤ داگیردەکات؟ ڕۆبۆت لە چەند ساڵی دیکەدا زۆربەی ئەرك و کارەکانی مرۆڤ جێبەجێ دەکات بە باشترین شێوەش! ڕۆبۆت لەلایەن کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنی تەکنەلۆژیای نوێ گرنگی زۆری پێدەدرێ. کۆمپانیاکان لە رکابەریدان بۆ بەرهەمهێنانی نوتێرین ڕۆبۆت.. لە نوێترین بەرهەمی نوێیدا کۆمپانیای asus ڕۆبۆتی جۆری Zenbo Junior بەرهەم هێناوە، ڕۆبۆتێك دەکرێت وەك مامۆستای وانەبێژ بۆ قوتابخانەکان دابندرێ، ڕۆبۆتەکە دوانەن یەکیان وەك مامۆستا و یەك وەك قوتابی بۆ ئەوەی منداڵەکان چۆنییەتی گوێگرتن لە مامۆستا فێر بن.. ئەم ڕۆبۆتە جگە لەوەش یارمەتی چێشتلێنەری ماڵەوە دەدات و وێنە دەگرێت و پارێزگاری و چاودێری لە سنووری ماڵەوە دەکات، ڕۆبۆتەکە زیاتر بۆ کەم ئەندام و پەککەوتەکان سوودی هەیە. چیرۆك دەخوێنێتەوە، گۆرانی دەڵێت و سەما دەکات.

# ماوسێکی پەنجەمۆر دەبێتە کلیلی کۆمپیوتەر



ئەم سەردەمە سەردەمی داتا و زانیارییەکانە، سەردەمی پاراستنی داتاکانە، بۆ کردنەوەی پاسۆردی کۆمپیوتەر دەیان شێواز داندراون وەك کردنەوە بە کۆدی نهێنی، کردنەوە بە ناسینەوەی روخسار، کردنەوە بە پەنجەمۆر و کردنەوە بە دەنگ.. لەم ماوەیەدا کردنەوە لە رێگای پەنجەمۆری ماوسیش هاتۆتە گۆڕێ..

کۆمپانیای HP ماوسێکی بەرهەم هێناوە کە بە ماوسی جۆری HP USB Fingerpring Mouse ناسراوە. ئەم ماوسە، ماوسێکی بە وایەرە و لەسەر ماوسەکە شوێنی دانانی پەنجەمۆر هەیە، بۆ ئەوەی کە دیسکتۆپی کۆمپیوتەرەکەت بکەیەوە، بەکارهێنەر پەنجەی خۆی لەسەر شوێنی تایبەت بە پەنجەمۆر دادەنێ و دەکرێتەوە.

ماوسی ناوبراو جگەلەوەش سیستەمی کۆد دانانی AES-256bitی هەیە کە دەتوانێت زانیاری پەنجەمۆری بەکارهێنەر بەشێوەیەکی ئەمنیەتی لەخۆیدا هەڵبگرێت. بەڵام ئەگەر بێت و ماوسەکە بزر بێت و بەکارهێنەر هیچ پەسۆردێکی دیکەی دانەنابێت ئەوە کێشە روو دەدات.



## ماڵپەڕێک بۆ دیزاین ژوور و دەرەوەی خانوو

دەزانم تۆ ئەندازیاری تەلار سازی نی و بۆ دیزانین و نەخشەی خانووەکەت پێویستت بە ئەندازیارێکە، بەڵام دەکرێت بەبێ ئەندازیاریش تەنیا بۆخۆت کاری نەخشەسازیدا بکەی، دەتوانی دیکۆری ماڵەوەت بەوجۆرەی حەزت لێیە بگۆڕی، بۆ ئەم مەبەستە سەر لە ماڵپەڕی https://planner5d.com/?prcode=53b8ac بدە. ماڵپەڕێك هەرچی لە بارەی ئەندازیاری خانوو و تەلارسازی هەیە تێیدایە، پێویست ناکات شارەزاییەکی ئەوتۆت هەبێ، هەموو ئەوانەی بۆ ئەندازیاری پێویستن لەبەردەستن و دیارن. وەك جۆری دیوار، دەرگا، پەنجەرە، لە ژوورەوەشدا مێز و کورسی ئەوەی لە ژوورە خەو و چێشتخانە و هۆڵدا پێویستە تێیدایە. لە سەرەتادا نەخشەکە دەکێشێ پاشان بەشێوەی سێ رەهەندی دەیبینی.

## پرۆگرامێک بۆ گۆڕینی دەنگ

گۆڕینی دەنگ کارێکی هونەرییە و لە فیلمە سینەماییەکاندا سوودی لێوەردەگیردرێت، هەندێك کەس بەبێ پرۆگرامیش دەتوانن تۆنی دەنگیان بۆ گەنج و پیر و ژن و پیاو بگۆڕن، لە ئاپەکانی مۆبایلیشدا ئاپ هەیە کە تایبەتە بۆ گۆڕینی دەنگ ئەوەیان زیاتر لایەنی پێرابواردن و گاڵتەجاڕی هەیە، بەڵام لە کۆمپیوتەردا پرۆگرامی دەنگ بۆ مێکسی دەنگ و کاری دۆبلاژ سوودی لێوەردەگیرێت. پرۆگرامەکانی گۆڕینی دەنگ زۆرن، یەکێك لەو پرۆگرامانە



پرۆگرامی Abyssmedia AudioRetoucher کە هەم لایەنی سەرگەرمی هەیە و هەم لایەنی هونەری. ئەم پرۆگرامە بە قەوارە بچووکە و شوێنێکی ئەوتۆ لە کۆمپیوتەردا ناگرێ، بە ئاسانی دەنگی گڕ بە دەنگی ناسك دەگۆڕێت و پێچەوانەش. دەکرێ دەنگی پیاو بە ژن و دەنگی پیر بە گەنج و پێچەوانەش بگۆڕدرێت.

پرۆگرامەکە لەگەڵ گشت فۆرماتەکانی دەنگ دەگونجێت، خێرایی زۆرە و دەیان ئێفێکتی جۆراوجۆری تێدایە.